# چرۆپڕێزان*


## هێمن ڕەئووف

www.hemnrauf.kurdblogger.com




ئێوارەیە و
لە هەڵگرتنەوەی
خەمە پڕ لەحەسرەتەکانی
هەڵوەرینی گوڵە نەپشکوتووەکان دەهاتمەوە !

بینیم ئەو هەورەی هەموو ئەو هاوینەی ساڵی پێشوو
لەسەر سەرم سایە و سێبەرم بوو
لەم بەرە بەهارەدا و
لە چرۆستانی درەختی تەمەنەمدا
بوو بە بارانێکی پڕ لە دڵۆپەی ڕق و
بە ئەستوری
خوڕەم .. خوڕەم
بەسەر شانو ملما باری .

من پرسەم بۆ گوڵە ساواکانی نیشتیمانی ئەو دانابوو
گڵکۆی چلە نێرگزەکانی ئەوم دانە بەدانە بەسەر دەکردەوە
کەچی ئەو
لەگەڵ قوڕو لیتەی خاکدا تێکەڵی کردم و
بەلافاوێکی سور
هەموو چلە نێرگزەکانی ژاکاند

من لە چنینەوەی سۆزی
پڕ لە نامۆیی و تەنهایی
هاوڕێانی بە ئەمەکی هەردووکمان دەگەڕامەوە
ماندوو ماندوو
چاوم کز کز
لە تەویلی پڕ لە نووری ئەو بڕوانم .. ویستم
کەچی ئەو
پێکەنینی شەهید کردبوو
نوورەکانی هەراسان کردبوو هەتا بە جێیان هێشتبوو
مۆنبوون و تووڕەبوون و .... .
نازانم چۆن بۆتان بگێڕمەوە .. هەموو بێزارییەکانی لە جەوهەریا چاندبوو

من وام زانی بەڵێنەکانی منی بە سنەوەبەرێک لە هزریا چاندبوو
کەچی دەبینم بە گوڵە لاولاوێک لێم دەڕوانێ

من لە چنینەوەی ئەو هێلانەیەدەهاتمەوە
کە بێچوە بێدایکەکانی لێکەوتبووە سەر زەوی دڕندەکان

من پاراستنی بێنەوایانم بە ئەرکی هەردووکمان دەزانی
بۆیە لەباتی ئەو
ماندووبوون وزامداربوون و درەنگکەوتن و بگرە مردنیش
چ نەبوو لەلام

من ئەوەندە لە ئەو دا خۆم بەجێهێشتبوو
بەیەقینەوە بۆ برسێتی ملم دەنا
بەبێگومان بۆ زیندانە بێ ڕووناکی و بێ هەواکان
بۆ گۆڕستانی ژین فڕێن
ڕێگا تەنگ و تاریکەکانم دەبڕی

دەمگووت :
جەستەیەک لە هێمنی
لەم سەرزەمینی مردنەدا
بێباکە ئەگەر ڕۆحیانەتی لە هەوایەکی پڕ لە سکونی دا بێت

کەچی دەبینم بۆ پێشوازیم
نەهەنگێکە
لەم زەریای خودایەدا **
دەمی لەمن کردۆتەوەو بۆ گەستنم هەڵپە دەکات

ئای ...... ماندوویەتی
ئەوا ئەژنۆکانم گوێڕایەڵی خۆیان لەدەست دەدەن و
بەبێ وویستی نەفسی نەفەس کورتم
بۆ زەوی دەگەڕێن و
بەبێ ترس لە ئازاری ئەم زەویە ڕەقە
ئەم تەپوتزە ماچ دەکەن و
بەچۆکدادێم .

من هەر دەمەوێ ماندوویەتی ڕاو بنێم و
پشوی درێژی ئەو بقۆزمەوە
کەچی دەبینم زەمەنێکە من بوونەوەرەکەی ژیانی ئەو نیم و
عەیامێکە فڕێدراومەتە سەر سەلوێنکی بەدبەختی .

ئای ...... بەدبەختی
ئەمە منم
گوڵم چاند و دڕکم دووریەوە

ئەمە منم
ئەو مامۆستا فاشیلەی
گشت تەمەنم
بەبێ قوتابییەک بەڕێکرد
خوێندکارێک نەبوو
شانازیی بە مەعریفەی منەوە بکات

ئەمە منم
ئەو وەستایەی هیچ دەستڕەنگینییەکم نەبوو
هیچ کرێکارێکم فێری بەرز کردنەوەی چەکوش و
دانانی ڕستێک دیوار نەکرد
ئەمە منم
دەستکردەکانم نەفرەتم بۆ کۆدەکەنەوە

وا ئەمجارە ڕوو دەکەمە خۆت و
دەرگای ووشەنهێنیەکانی ناخم دەکەمەوە و
دەڵێم :

من دڵم بەوە خۆش بوو
کە تۆم لە ئاسمانەوە هێناوەتە سەر زەوی و
چیتر هەورەکانت خۆشناوێ

ئاسودە بووم
کە چیتر لەگەڵ هەورەگرمەکان پێناکەنی

شادومان بووم
کە بروسکەی هەورەکانت زویر کردووە و
چیتر پەنجەرەیان بۆ ناکەیتەوە

وامدەزانی فێرمکردی
کە باران ، مناڵان و بێچوەباڵندە پڕلەفڕینەکان و
پەپولە باڵ نەخشینەکان دەسوتێنێ

من وامزانی توانیومە
گڕی سوری ناو دڵۆپی بارانەکانت نیشاندەم

کەچی تازە
لەم پێشوازییەمدا و
لەم نەوبەهارەدا
چرۆی هیواکانم

**به دڵۆپه گڕاوییه‌کانی هه‌وره بێبه‌زه‌ییه‌کان ده‌سوتێنی**

**منیش هه‌ر ئه‌وه‌نده ده‌توانم**
**هاوار بکه‌م**
**چرۆرێزانه .... چرۆرێزانه ... . .... . !!!!!!!**

**تازه هه‌وڵ مه‌ده لێم تێبگه‌ی ناسکیی و ئه‌وین چییه**
**چونکه من نه‌زانێکم**
**ووشه‌یه‌ک چییه له هزرما سه‌وز نه‌بووه**
**بۆ هزری تۆ .**

---

*** چرۆرێزان : هه‌ڵوه‌رینی چرۆکان**
**** زه‌ریای خودا : ئاسمان**

28.02.2007